# پیلانی نەهێشتن و
# لەناوبردنی ئیسلام و
# بن بڕکردنی موسڵمانان
# لە چەرخی نوێدا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نوسینی/ نبيل عبدالرحمن المحليش
وەرگێرانی/ خەبات صلاح الدين ابراهيم

# پیلانی نەهێشتن و لەناوبردنی ئیسلام و بن بڕکردنی موسڵمانان لە چەرخی نوێدا

نوسینی/ نبیل عبدالرحمن المحلیش
وەرگێڕانی/ خەبات صلاح الدین ابراهیم

# «پێشەكی»

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الأمين ومن تبعهم بأحسان الى يوم الدين. وبعد.

دوژمنانی ئیسلام لە خاچپەرست و جولەكەو بێ باوەران ئەوا بەردەوام لە پیلان دانانن دژی ئیسلام چونكە ئەوان ئیسلام بەگەورەترین مەترسی دادەنێن كە هەڕەشەیان لێ بكات. ئەم هەقیقە تەش ئاشكرایەو كەس نییە ئینكاری بكاو چەندەها سەرۆك و پێشڕەو بیر تیژو نوسەریان ئەمە دووپات ئەكەنەوە.

جا ئەگەر ئیسلام بە درێژایی چاخەكان بەردەوام تووشی هێرشی گەورە هاتبێ بە مەبەستی نەهێشتنی، ئەوا ئیمڕۆ موسلمانان تووشی جەنگی وەها دەبن كەوا گەلێ توند تروخراپترە ئەمەش بەهۆی ئەو خڕبوونەوەو كۆبونەوەی دوژمنان دژی ئیسلام وموسلمانان و، جەنگی قڕكەرو لەناو بەر لە چەندەها جێ دژی موسلمان هەلگیرسێندراوەو بەدەیا ملیۆن موسلمان تیایدا دەكوژرێن و بە هەزارانیش هەلدەگەرێنەوەو بەملیۆنانیش لەرێ لایان داوە.

، بانگی ئاگادار کردنەوەیە بۆ هەموو لایەکمان بۆ ئەوەی هەر
.ژی ئەم پیلانە بوەستین بە سووربوونمان لەسەر ئیسلام و جێ
نی رێ و شوێنەکانی، کە ئەمەش گەورەترین شتە کەڵێ
ەدڵیان نەبێ.

**واکارم بیسەرێ هەبێ بۆ ئەم بانگەم**

**ڕەه لیدەرمانە**

# مەبەستیان ئیسلامە:

گەلێ لە مێژە دوژمنانمان چاویان لە خاکمان بڕیوە ئەم چاو تێبڕینانەش بۆ سەروەت وسامان رخێرو خۆشیمان نییە، کە وڵاتانی موسڵمانی پێی ئاسودە بوونە،بەڵکە نەهێشتن و تیاچوونی ئیسلام لە نێو لانەی خۆی گەورە ترین مەبەستیانە، چونکە ئەوان وادەزانن کە ئیسلام دژایەتیان دەکات و بەرژەوەندیان دەخاتە مەترسی یەوە، هەر بۆیە زۆر زۆر لێی دەترسن، ئەوەتە (بن غوریون) سەرۆك وەزیرانی پێشووی جولەکە دەڵێ:-

«ئێمە نە لە ئیشتراکیەتی و شۆرشگێران و دیموکراتی خوازان ناترسین لەم ناوچە یەدا، ئێمە تەنها لە ئیسلام دەترسین، ئەو دێوەزمەیەی کەماوەیەك بوو نوستبوو و ئێستا خەریکە خەبەری دەبێتەوە» هەروەها دەڵێ: «ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر لێی بترسم هاتنەکایەوەی موحەممەدێکی ترە لە جیهاندا».

هەرچی (شـمعـون پێرێز)ی سەرۆك وەزیرانی جولەکەیە ئەوا دەڵێ:- «ناکرێ ئاشتی لەم ناوچەیەدا - رۆژ هەڵاتی ناوەراست - بێتەکایەوە مادام ئیسلام شمشێری بە دەستەوەیە، وە لەدوا رۆژی خۆشمان دڵنیا نابین هەتا هەتایە ئیسلام شمشێرەکەی نەخاتەوە کێلان.»

پێشەوا و رابەرانی ئەورووپاش ئاشکرا رادەگەیەنن کەوا ئیسلام رێ لە دەستبە سەر داگرتنی رۆژهەلات دادەگرێ هەروەك (گلادستۆن) سەرۆك

وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا دەڵێ:ـ «مادام ئەو قورئانە لە نێو موسڵماناندا هەبێ ئەوا ئەوروپا ناتوانی رۆژهەڵات بخاتە ژێر رکێفی خۆی».

یەکێ لە نووسەرانی رۆژ ئاواش دەڵێ:ـ «کاتی خۆی لە مەترسی جولەکەو ترسی بەلشەفی وبەکۆلانەکان دەترساین، بەلام زوو زانیمان کە وا ئەمانە دوژمنمان نین، بەڵکو دۆست ولایەنگیری ئێمەن، بەڵکو دوژمنی هەرە گەورەمان لە ئیسلام و پەرەسەندنی خۆی حەشارداوە، ئیسلام تەنها بەربەستێکە لە بەردەم داگیرکەری رۆژئاوا.»

وە سەرۆکی ئەمریکا (نکسون) سەردانی خێوەتگای پەنابەرە ئەفغانییەکانی کرد، وەهوولای پیرەمێردێکی ئەفغانی، وەبۆ ئەو فەکردن دەستی بۆ درێژ کرد، بەلام پیرەمێردەکە دەستی خۆی راکێشایەوەو گوتی: «تۆهاوبەش پەرستی وپیسی بۆیە سلاوت لێ ناکەم» لەولاش پیرەمێردێکی بە ساڵاچووهاتە پێش و بە نکسونی گوت «بۆچی فەلەستینیان راپەجولەکان».

هەرکە نکسون گەرایەوە ئەمریکا کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی بەست و رۆژنامە نووسان لێیان پرسی چ چارە سەرێکتان بۆ فلانە کێشەداناوە؟ گوتی «ئاسانە، ئەدی فلانە کێشە؟ گوتی «سانایە» جاپاش چەند پرسیارێ رۆژنامەنوسێك لێی پرسی باشە گوایتی هەرەگەورەتان چی‌یە؟ نکسۆن گوتی: «ئیسلامە» پێ یان گوت: باشە چارە چی‌یە؟ گوتی «بچین رۆلەی موسڵمانەکان بهێنینە وولاتەکانمان پاشان بە رۆشنبیرێ ئێمە بەنجیان بکەین پاشان بیانگە رێنینەوە بۆ وولاتانی خۆیان» پاشان گوتی: «پێویستە رووسیا و ئەمریکا یەکبگرن بۆ ئەوەی حوکمێکی ئیسلامی لە ئەفغانستان سەرهەڵنەدا».

بەڵێ هەر ئیسلامە کەڵێی دەترسن، جا چۆن لێی نەترسن لە کاتێکدا پێشەوایەکیان گەلێ ئەفغانی لەمناڵ و گەنج پیرو ئافرەت هەمووی بە موجاهیدی ببینێ؟!!

# رقی شاراوەیان:

رقی دامرکاوی نێو دڵی دوژمنان، وایان لێ دەکا کەوا هەستیان دژی موسڵمانان بجوڵێ. خاچپەرستان لە بیریان نەچووە کە صلاح الدین لەشەری (حطین)چی بە باب وباپیریان کردوو بۆیە کاتێ جەنەراڵ (غورۆ)ی فەرەنسی هاتە نێو دیمەشق بەکسەر بەرەو قەربری صلاح الدین رۆیی و پێلاتەیەکی لێداو گوتی:- ئەی صلاح الدین ئەوا گەراینەوە. هەروەها کاتێ جەنەراڵ لنبی بریتان کاتێ چووە نێو قودس گوتە بەناو بانگەی گوت:- ئیمرۆ شەری خاچپەرستان تەواو بوو.

هەروەها جولەکەشن ئەوا ئەوەی پێغەمبەر -ﷺ- بەباب و باپیریانی کردوە لە دەرکردنی بنی قریظەو بنی قینوقاع وبنی نظیر لە مەدینەو پاشان دەرکردنیان لە خەیبەر، لە بیریان نەچوتەوە، ئەوەتە کاتێ ساڵێ ١٩٦٧ جولەکە قودسیان داگیرکرد موشی دایان وەزیری بەرگری جولەکە لەگەڵ جولەکەکان هاواری دەکرد: هذا یوم بیوم خیبر، یالثارات خیبر، هەروەها هاواریان دەکرد (حطوا المشمش علی التفاح.. دین محمد ولی و راح) «محمد مات خلف بنات».

هەندێکیش لە رۆژهەڵاتناسەکان رقی رەشیان کۆرمیانی کردوون وەک رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی. (کیمون) دەڵێ :بروام وایە کەوا پێویستە پێنجیەکی

موسڵمانا قڕ بکەین و ئەوانی تریش لەگەڵ حوکم ئیشی قورسیان پێ بکەین و کەعبەش تێك بدەین و لاشەی موحەممەدیش لە مۆزەخانەی (لوفەر) دابنێین».

شیوعیەتیش لەسەردەمی زێرینی لە ئیسلام دەترسا، ئەوەتە کاتێ گۆرباتشۆف وریگان لەساڵی ١٩٨٥ کۆبوونەوە گۆرباتشۆف نەخشەیەکی دەرهێناو بەریگانی نیشانداو پێی گوت کاتی خۆی زۆربەی ئەورووپا لە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان بوو، هەروەها موسڵمانان دووجار لە دەرگای ئەورووپایان داوەو ئافرەتانیش رژاونەتە نێو شەقامەکان، پاشان گۆرباتشۆف ریگانی ئاگادار کردەوە وگوتی:- ئەوا ئێستا موسڵمانان بەرە بەرە خۆیان دەجولێنن تۆزی تەنبەڵی لە خۆیان دادەوەشێنن وەدەیانەوێ دووبارە هەڵسنەوە، خۆ ئەگەر دەستیان کرد بەرۆیشتن ئەوا کەس ناتوانێ لەبەر دەمیان بوەستێ وە ئەوەی لەدژایەتی نێوان روسیاو ئەمەیکا سودو قازانجی پێ دەگا ئیسلامە، هەر بۆیە پێویستە ئێمە گرفتەکانی نێوانمان نەهێڵین بۆ ئەوەی پێکەوە دژایەتی دوژمنی هەردوولامان بکەین. جاریگان کەمێ داماو پاشان بە پیلانەکە رازی بوو.

# کوفر هەمووی یەکە:

دوژمنانی ئیسلام هەموو تێکرا دژی ئێمە کۆبونەتەوە، ئەوە پێشتریش بۆ ئێوەمان گێرایەوە لەقسەکانی نکسونی سەرۆکی ئەمریکا کە دەڵێ:- پێویستە ئەمریکاو روسیا یەکبگرن بۆ ئەوەی حوکمێکی ئیسلامی لە ئەفغانستان سەر هەڵنە دا.

هەروەهــا قسەکانی گۆرباتشۆفیش هەمان شت دەگەیەنن هەر بۆیە سەر سوڕمان دامان ناگرێ کاتێ سەرۆکی وەزیرانی پێشووی جولەکە (مناحیم بێگن) بانگی رۆژ ئاوا دەکا بۆ ئەوەی یارمەتی جولەکە بدەن چونکە وەك بەر بەجستێکی شارستانی بەرامبەر رەشەبای شۆڕش ئیسلامی رادەوەستێ کە تازە سەری هەڵداوە.

هەروەهــا رۆژنامەنوسێکی رۆژئاوایی دەڵێ:- (شیوعیەت لە ئیسلام باشترە چونکە شیوعیەت لە ئەسلا بیرێکی رۆژئاوایی‌یە بۆیە دەتوانرێ پەیوەندی لەگەڵ ببەسترێ بەڵام جگە لە ئاسن و ئاگر هۆیەکی ترنی‌یە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ئیسلامدا».

هەر بۆیە شە سەرسوڕمان دامان ناگرێ کاتێ دەبینین خاچپەرستان دەنگی کەیف خۆشی وکامەرانیان لێ بەرز دەبێتەوە کاتێ قودس کەوتە ژێر رکێفی جولەکە هەروەك ڕاندولف تشرشل نوسەر دەڵێ:- «خەون وخەیاڵی دەرکردنی ئیسلام لە بەڕێوەبردنی قودس خەونی خاچپەرستان و جولەکە بوو پێکەوە جاخۆشی و شادی مەسیحیەکان لە جولەکەکان کەمترنی‌یە».

# جەنگی ترێنەرو لە ناو بەر دژی موسڵمانان:

دوژمنــانی ئیسلام کاتێ خۆی گەیشتبونە ئەو رایەی کەوا ناتوانرێ موسڵمانان بخەنە ژێرکێفی خۆیان مادام خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی هەبێ و باشیش دەیــاترانی کەواچ خزمەتێکی پێشکەش بە موسڵمانان کردبــوو ئەوە ندەش بۆ شانــازی بەسەکەوا دژی هەموو چاو تێبڕنێکی

وولاته ڕۆژئاواییەکان بۆ سەدان ساڵ وەستا ئەوەک موسڵمانان بکەونەژێر ڕکێفی ئەوان - دوژمنان -

هەروەها سوپای خەلافەت چووە ناو جەرگەی ئەورووپا پاشاکانی ئەورووپا چەند سەردەمێك لەبەری هەڵدەلەرزین.

هەروەها سولتان عبد الحمیدی دووەم ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پاراستنی کیانی دەوڵەتی ئیسلامی هەروەکو دژی تێبرینەکانی جولەکە وەستا بەرامبەر فەلەستین و پێشنیارە چەروەکەیانی ڕەت کردەوە بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکەیی لەفەلەستین، هەروەها بەخشینی لوبنانیش بۆ خاچپەرستان ڕەت کردەوە، ئێمڕۆش دەبینین زۆر لە موسلمانان ئەو بوختانانەی کە خاچپەرستان دژی سوڵتان عبدالحمیدیان هەلبەستا دەیلێنەوە.

کاتێ کەمال ئەتاتورك هات لە ساڵی ١٩٢٤ خەلافەتی ئیسلامی هەلوەشاندەوە و ئەوەی دوژمنان بە خەون دەیاندیت بۆی کردنە ڕاستی و لەوکاتەوە موسلمانان تووشی چەندەها جەنگی ترێخەر هاتن. لە مێژوودا هێتیوا ڕوی نەدابوو لەکەمی و ناخۆشی و کۆمەڵ کوژی وەیسی، ئەمەش چەند وێنەیەکە لەم جەنگانە:

# شوعییەکان لە ڕوسیا بیست ملیۆن موسڵمان دەکوژن:

پاش شۆڕشی شیوعی لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕوسیا چەندەها قەسابخانە دژی موسڵمانان دانراو بە درێژایی پەنجا ساڵ ٢٠ ملیۆن موسڵمان

کوژران، و تەنها ستالین ی خوێن ڕێژ وەک لەسەر زەمیەکانی دەرکەوتووە یازدە (١١) ملیۆن موسڵمانی کوشتووە.

## ● ئەفغانستان:

پاش دەست تێوەردانی سوپای ڕوسی لە ئەفغانستان و بە هاوکاری حکومەتی شیوعی ئەفغانی چەندەها قەسابخانە دامەزرێندران بۆ ئەوانەی نەبوو نەشیوعی و ئەو قوربانیانەی گەلی ئەفغانی پێشکەشی کرد گەیشتنە ٥ر١ ملیۆن کوژراو بێجگە لە دەربەدەر بوونی ٥ ملیۆن ئافرەت و منالّ و پیرو پەکەوتە.

## ● لە یوگسلاڤیا:

لە یوگسلاڤیاش موسڵمانان تووشی هێرشێکی توقێنەرو ترسناک هاتوون بە ئامانجی نەهێشتنی کیانی ئیسلامی لەوێدا کە ژمارەی موسڵمان لەوێدا نزیکەی ٥ ملیۆن موسڵمان دەبێ و بە هاونیشتمانیش حسێب ناکرێن بەڵکە بەداگیرکەرو زەوتکەر حسێب دەکرێن هەربۆیەشە بە هەر شێوەیەك بێ نایانهێڵن و شیوعیەکانیش ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و چەندانیشیان لە زیندانەکان پەستا لەو کاوانەشیان کوشتنی ١٢ هەزار موسڵمان لە مزگەوتێك لە قوجاو ٦ هەزار موسڵمانیشیان لە سەر پردی مێخوار سەر بڕی.

## ● بولگاریا:

ئەو بولگاریانەی بەرەسەن تورکن تووشی جەنگی قڕتێکەردنێ کە ژمارەیان پتر لە ملیۆنێکەو لەو سالانەی دوایش دەستەلاتدارانی بولگاریا بەسەدان موسلمانیان کوشت لە کاتی هەلـەتـەبـەر بلاوەکەیان بۆ نەهێشتنی پێناسەی ئیسلامی.

ئەم شتەش جگە لەوێ زۆربەی ئەو وولاتانەی شیوعیەکان حوکمی تیادا دەکەن تووشی دێن وەک رومانیا والبانیا وچینی میلی:

## ● قەسابخانە هەمیشەییەکانی فەلەستین:

گەلی موسلمانی فەلەستین تووشی چەندەها قەسابخانە هاتوون لەسەر دەستی جولەکەکان و قەسابخانەی دیریاسین و قبیە والاقصیٰ ش تەنها چەند ئەلقەیەك بوون لەو ئەلقە بەردەوامانەی کە دەکرێن. و جولەکەش بەردەوامـە لەسـەر کوشتنی موسلمـانـانی فەلەستین ئەمەش بەلێدانی خێوەتگاکانی پەنا بەران لە لوبنان، ئیمرۆش ڕۆژانە گەلی فەلەستین لەسەر دەستی سوپـای ئیسرائیل دەکوژرێن، نابێ ئەوقسەی (بن غوریون)ی پێشـەوای جولەکـان لە بیر بکـەین کە دەڵێ «لەبـەردەم عەرەبـەکان لە ئیسرائیلیدا سێ ڕێگا هەیە:

١ـ بوونە جولەکە. ٢ـ دەرکردن بۆدەرەوەی وولات. ٣ـ قڕتێخستن.»

(جولدا مائیر)ی سەرۆك وەزیرانی پێشان دەڵێ: (دەگەینە ئەوکاتەی کە

دەزانین چی بەو کەسانە دەکەین کە لە ناوماندا دەژین و کلاوی جولەکان لەسەری نانێن).

## ● جەزائیری ملیۆن شەهید:

فەرەنسای مال مرۆف پیسترین قەسابخانەی دژی موسلمانەکان لە جەزائیر دانابوو، و جەزائیری بە بەشێك لە خاکی فەرەنسا تێ دەگەیشت و پاش دۆڕانــدن و دەرچــوونی فەرەنســا لە جەزائــیر یەکێ لە گەورە رۆژنامەلاتنناسەکان کۆڕێکی لەمەدرید بەست بەناوی، «بۆچی دەمانەیست لە جەزائــیر بمێنینــەوە» کە تیــایدا گوتی: «ئێمە نیو ملیۆن سەربازمان تەرخان نەکرد بوو بۆ ئارەقی جەزائیری یابیانەکانی یازمیتونەکانی بەڵکە ئێمە خۆمان بە دیواری ئەوروپا دەزانی دژی هەڵکشانی ئیسلامی کە لە وانە بوو جەزائیریەکان و موسلمانانی تریبکەن بۆ سەندنەوەی ئەندەلوس کە لە دەستیان چوو بوو. وپاشان بێنە ئێوجەرگەی فەرەنساو لەگەڵ ئێمە بجەنگێن و پاشان سەر بکەون وئیتر بەناو خاکی ئەوروپادا بلاوببنەوەو ئەوەی ئەمەویەکان تەواویان نەکرد بوو تەواوی بکەن و دەریای ناوە راست بکەنە دەریایەکی ئیسلامی، هەر بۆیەشە ئێمە لە جەزائیر خەباتمان دەکرد.

## ● قەسابخانەی هیندۆسەکان بۆ موسلمان.

سوپای هیندی نزیکەی چارەکە ملیۆنێك موسلمانی هیندیان کوشت کە کۆچیان دەکرد بۆ پاکستان پێش شەڕی ١٩٧١ لەگەڵ پاکستان و پاش

(٨

سەر کەو تیان لەم شەڕە ١٠٠ هەزار ئوتابی پەیمانگا ئیسلامی‌یەکان و فەرمانبەریان کوشت هەروەها دەهەزار زانای موسڵمانیان کوشت.

هەروەها هینـد کشمـیری داگیر کردووە کە زۆربـەی دانیشتوانی موسڵمـانن وتـوشی تەنـگ وچـەڵەمەی هیندوسیەکان دەبن کە بەردەوام لەلایـەن ڕێکخـراوە هنـدوسیـە چەکدارەکان دەکرێتە سەریان. لەساڵی ١٩٦٠ دوو ڕێکخراوی هندوسی بەزۆر وایان کرد ٢٠٠ ئافرەتی موسڵمان جلیان داکەنن و بەرووتی بەشەقامەکان برۆن.... پاشان هێرشیان کردنە سەرو لە پێش چاوی خەڵکی هنـدوس تەعەدای ناموسیان لێ کردن و پاشـان هەنـدێ داریان خڕ کردەوەو یەك لەدوای یەك لەگەڵ پێکەنینی هندۆسەکان ئافرەتەکانیان دەخستنە ناو ئاگرەکە. لەشاری (چاندوی)یش هەندێ هندۆس لە ساڵی ١٩٦٣ چوونە ناو گەورەترین مزگەوت و داوایان لەمەلا کرد کە بانگ بدات وخۆ ئەگەر بانگ نەدا ئەوا دەیکوژن.. لەگەڵ دەنگی بانگەکە خەڵکی هاتنە ناو مزگەوتەکە ئینجا هندۆسەکان دەوریان دان و یەك لەدوای یەك هەمـوویـان کوشتن.. پاشـان قورئـانـەکانیان کۆکردەوەو ئافرەتی موسڵمانانیان هێنا و لە نێو مزگەوت لەسەر قورئانەکان تەعـەدای ناموسیان لێ کردن و پاشان ئەما نیشیان کوشت. ودواییش (خطیب)ی مزگەوتیان هێناو هەڵیان واسی و قورئانێکیان لەسەری بەست ودەستیان بە گاڵتەکردن کرد پێ‌یان دەگوت جا ئێستا فەرموو خوتبەکەت بخوێنەوە.

## ● لە ئەریتیریا

لەسـەردەمی ئیمپراتوری هیلا سلاسی جەبەشە دژی گەلی ئەریتری چەنـدەها قەسابخانەی دانا، پاشان منگستۆی شیوعی هات و لەلایەن

^ دەوڵەتـە شیوعیەکان یارمەتی ماددی ومەعنەوی کرا ئەویش بەناو گەڵ ئەرتیری کەوت و هەموو قوتابخانەکانی موسلمانانی داخست وجەبری لە موسڵمانەکان کرد بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی نەصرانیەکان بنێرن،

## ● لە ئۆگەندا:

هێـزە تەنزانیە خاچپەرستەکان کە خاکی ئۆگەندیان داگیرکرد پاش کەوتنی سەرۆك (عیـدی امـین) قاسانچانەیەکی ترسناکیان دانا دژی موسڵمانەکان و هەواڵەکان رایان گەیاند گەوا ٥٠ هەزار موسلمان بۆخاکی سودان هەلاتن بەهۆی کوکوژی و دژی کردن کەوتوشی دەهاتن.

## ● لە فیلیپین:

زیاتر لە پێنج ملیۆن موسلمان خلکی خۆیان هەبوو کەچی بەرەو باشور راپێـچ کران و تووشی چەنـدان جەنگی قڕ کەر هاتـوون و دێن لەلایەن حکـومـەتی فلیپـین بەتایبەتیش لەسەردەمی دەستەلاتدری (مارکوس)، موجاهیدە موسلمانەکانیش جیهادیان بانگەشە کرد دژی حکومەتی کافری فلیپین و پەنجا هەزار شەهیدشیان داوە بە هەزاران خەڵکی بێ گوناهـ بەهـۆی قەسـابخـانە وەحشی یەکانی حکومەت گیانیان لە دەست داوەو ناکارگەیشتە ئەوەی مزگەوت بەسەر موسلمانان دا بروخێنن.

## ● تایلاند:

حکـومـەتی بوذی هەڵسـاوە بەهەڵمەتێك بۆ نەهێشتنی موسلمانان لە ناوچـەی فطانی. وە هەزاران موسلمـانی بێ تاوانی کوشتـوەو دەستی

کردرەوە بە دەرزی لێ دان لە ئافرەتە موسلمانەکان بۆ ئەوەی سك پڕ نەبن و موسلمانان ریشەکێش بکەن و هەروەها هەڵمەتێکی تریان بە رپاکردوە بۆ گۆریڤی ناوی موسلمانانەکان بە ناوی بوذی ومانای ئایاتەکانی قورئانی پیرۆزی شێواندوە کە کراوەتە ئایلەندی.

## ● لوبنان:

موسلمـان تووشی جەنگێکی توندها توون لەلایەن خاچپە رست وری گومراکان لەساڵی ١٩٨٢ مناحیم بیگن رایگەیاند کەوا ئیسرائیل بای ١٠٠ ملیۆن دۆلار چەکی داوەتە هێزە مەسیحیەکان ئەمەش تەنها چونکە ئەوەی ئەوان بۆ جولەکە دەیکەن جولەکە بە خۆیان پێ ناکرێ.

قەسابخانەکانیش دژی موسلمانان لە زۆری وولآتانی تر بەردەوامەو پیلانی ترتیخەر دژی موسلمانان لە ئارادایەو کەسیش نییە بەرە نگاری ئەم پیلانانە ببێتەوە..

# «بەرپاکردنی شەڕ لە نێو موسلمانان»

پاش دەرچوونی هێزە داگیرکەرەکان لە وولآتە ئیسلامییەکان بەهۆی بزوتنەوە جیهادیەکان کە بە ملیۆنان شەهیدیان لە پێناو خودا بەخت کرد.

داگیرکـەران دەستیـان کرد بە ئاژاوە نانـەوە لە نێـو وولآتـە عەرەبی وئیســلامییەکان بەهۆی گیروگرفتی سنورکە بەشێوەیەك کێشایان کەوا ببێتـە هۆی گێرمە وکێشە لە نێو وڵاتانی هەروەها دەولەتە داگیرکەرەکان

ولاته بچووکەکانیان کرد دژی یەکتری بۆ ئەوەی وولاتانی ئیسلامی ببێتە کێگەی تاقیکردنەوەی چەکی دوژمنان و موسڵمانان بەگران لەسەریان بوەستێ.

## لەم جەنگە خوێناویە ترسناکانە

### ١- جەنگی یەمەن:

(جەمال عبد الناصر) سەدان هەزار سەربازی میسری نارد بۆ ئەوەی برایەمەنیە موسڵمانەکانی خۆیان بکوژن و قوربانی ئەم جەنگەش زیاتر ٥٠ هەزار سەربازی میسری بوو.

### ٢- جەنگی نێوان عێراق و ئێران:

لەساڵی ١٩٨٠ تاغوتی عێراق ئاگری شەرێکی گەورەی دژی ئێرانی دراوسێی بانگەشەکردو ئەم جەنگە ٨ ساڵی خایاند و ملیۆنان کەس بوونە قوربانی ئەم جەنگە لە کوژراو برینداروکەم ئەندام و سەرچاوە داراییەکانی عێراق و ئێرانی تێکدا و عێراقیش تیایدا چەکی کیمیاوی دژی مەدەنیەکان بەکار هێنا.

### ٣- موریتانیاو سەنیگال:

لە هەردوو وولات لەسابخانە بۆ یەکتر داترا کەسەدان موسڵمان بوونە قوربانی و ئەوەندەی نەمابوو ببێتە شەرێکی گشتی ئەگەر پێتو هەندێ

دەوڵەتی ئیسلامی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی نەکەوتبانایە نێوا
نیان:

## ی- داگیرکردنی عێراق بۆ کوێت

تاغوتی عێراقی سەددام حوسێن دەستی کردە داگیرکردنی کوێت وەدەست و پێوەندەکانی چەندان قەسابخانەیان دژی کوێتیەکان داناو بە هەزاران کوێتی کرانە قوربانی یان هەروەك سوپای عێراقی ئەمەی کران لەسەر وەستاو نزیکەی ١٠٠ هەزار پیاوی لێ کوژرا، وکاتێك گەلی عێراقی دژی سەددام شۆڕشیان بەرپاکرد، سەددام دەستی کرد بە ئازاردان و کوشتنیان بەتایبەتیش کوردەکان.

ئەوەی شایانی باسکردنە بێ ئەوەیە کە سەددام پێشتر لە ساڵی ١٩٨٨ چەکی کیمیاوی دژی کوردەکان ئەوەی سەلاح ددینن ی ئەیوبی بە کارهێنا بوو کە بە هەزاران کەس تیایدا بوونە قوربانی.

## ه- گێرەو کێشەی تر

چەند گێرەو کەیشەیەك لە نێوان لیبیاو تشاد لەسەر هەرێمی اوزوی سەر سنووری ڕوویدا، هەروەها لە نێو جەزائیر و مەغریبیش بە هەمان شێوە لەسەر بیابانی ڕۆژئاوا لێیان بووە کێشە.

دەوڵەتانی ئیسلامیش زۆربەی کات پەنا دەبەنە بەر شەڕو ئاژاوەی ناوخۆیی بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە تایەفەی نەصرانی تێدا هەیە وەك باشووری سودان و نایجیریا.

# موسڵمانان ئێوە لە کوێن؟؟!!

دوژمنـان هەر بەم قەسـابخـانەی دایان نا یان بوونە هۆی دانانی هرانەوەستان بەڵکە چەندەها پیلانیان داڕشت بۆ بە گاور کردنی موسڵمانان کە لە زۆر وڵاتانی ئیسلامی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە هەروەك (رۆبرت ماکس) گاورپاریان دەڵێ «هەوڵ و کۆششمان بۆ بەگاورکردنی موسڵمانان راناوەستێ تا خاچ لە ئاسمانی مەککە بەرز نەبێتەوەو قداسی یەکشەمەیان لە مەدینە نەکرێ».

## ● رەشەبای بە گاورکردن لە ئەندەنوسیا

ئەنـدەنـوسـیـا بە گەورەتـرین وڵاتی ئیسـلامی دادەنـرێ لە ژمارەی دانیشتوان کە ژمارەیان دەگاتە ١٥٠ ملیۆن کەس زۆربەیان موسڵمانن و تووشی هێرشێکی گەورەی بە گاور کردن دێن کەسەدان ڕێکخراوی گاوران تیایـدا کار دەکـەن کە هەزاران گاوریـاری گرتـوّتـە خۆ هەر بۆیەشە موسڵمانان لە وێدا مەترسیەکی گەورەدان.

## ● پەك پیلان

جا ئەوەی لە ئەنـدەنـوسـیـا روو دەدا لە زۆر وڵاتـانی تری ئیسلامی روودەدا لە ئەفریقیا و لە ئاسیادا وەك پاکستان و سودان و میسر. گاورەکان زۆربەی کات حاڵ شڕی دەربەدەر وئاوەرەکان دەقۆزنەوە بۆ بە گاور کردنیـان لە ڕێگـەی ڕێکخـراوە فریاکەوتە گاورەکان کە خزمەتی پزیشکی و خواردن و پۆشاك پێشکەشی بە خەڵکی دەکەن.

# مەترسیی هەرە گەورە: دوور خستنەوەی موسڵمانان لە ئیسلامەکەیان.

دوژمنانمان زانیومانە کەوا نهێنی هێزی موسڵمانان لە دەست گرتن بە ئیسلامدایە بۆیە هەوڵیان داوە موسڵمانان لە کارکردن بە بنەماکانی ئەم ئایینە گەورەیە دووربخەنەوە هەروەك یەکێ لە نووسەرانیان دەڵێ «ئەگەر عەرەب قیمەتی ئیسلامیان بزانیایە ئەوا تا ڕۆژی قیامەت حوکمی جیهانیان بۆ دەکرد».

هەرچی جولەکەشە ئەوا دان بەوە دادەنێت کەوا هەرچی سەرکەوتنێکیان هێنا بێ تەنها بە هۆی حازر نەبوونی ئیسلام بووە لە جەنگەکان. هەروەك بڵاوکراوەی «یدعوت احرنوت» لە ١٨/٣/١٩٨٧ لە وتارێك داهاتووە دەڵێ: پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەقیقەتێکی گرنگ لەبیر نەکەن کە بەشێکە لە ستراتیژیەتی ئیسرائیل لە جەنگ کردن لە گەڵ عەرەبەکان ئەویش ئەوەیە ئێمە بە هەوڵ و کۆششی خۆمان و هاوڕێیانمان توانیمان ئیسلام دوور بخەینەوە لە جەنگەکان لە گەڵ عەرەبدا بە درێژایی ٣٠ ساڵدا و پێویستە ئیسلام هەتا هەتایی لە مەیدانی جەنگدا دووربێ. هەر بۆیە نابێ بۆ ماوەی ساتێکیش بێ ئاگابین لە جێبەجێکردنی پیلانەکەمان لە دژی ڕابوون و هەڵسانی ڕوحی ئیسلامی جا بە هەر جۆرو شێوەیەك بێ.

هەر بۆیە دوژمنانی ئیسلام پیلانێکی زۆریان داناوە تا موسڵمانان لە کارپێکردن بە ئیسلام دووربخەنەوە لەم هەڵمەتەش سیاسی و بیرتیژو

مامۆستای زانکۆکان و رۆژهەلاتناسەکان و گاوریاران و نوسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان بەشدار بوونەو دەسەمۆیل زویمەر سەرۆکی کۆمەلە بە گاورکەرەکان ئەم کارە لەسەر شانی گاوریاران دادەنێ هەروەك دەلێ:

• «کاری گرنگی ئێوە ئەوەیە: کە موسلمانان لە ئیسلامەوە دەرهێنن بە جۆرێکی وا کە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە خوداوە نەمێنێ هەروەها هیچ پەیوەندیشی بە خورەوشتەوە نەمێنێ.

بە هۆیەوە ئێوە دەبنە یەکەمین قافلەی داگیرکردنە ئیستعماری‌یەکان لەو ولاتە ئیسلامی‌یانەدا.. ئێوە هەموو ژیری‌یەکتان بۆ ئەوە تەرخان کردووە لە کاروانی ئەوە بەردەوام بن کە موسلمانان لە ئیسلام دەربهێنن.

ئێوە ئەوەیەکتان پێ‌گەیاندووە نازانێ خوداناسی چی‌یە؟! وەناشیەوێت بیزانێ! هەروەها ئەو پێگەیشتووە ئیسلامی‌یەی ئەمڕۆ کە هەیە لە گەل ویستی ئیستعمار یەك دەگرنەوە، حالیان وایە کە هیچ گرنگی‌یەك بە کاری بایەخدار و مەزن نادەن، حەزیان لە حەسانەوەو تەمبەلی‌یە، هەول دەدەن بەهەر جۆرێ بێت شەهوەت و ئارەزوو وەدەست بهێنن، وایان لێهاتووە شەهوەت و ئارەزوو بووەتە ئامانجی سەرەکیان، چونکە ئەگەر فێری زانست بن هەر لەپێناو وەدەست هێنانی شەهوەت دەیخەنە کار، ئەگەر پارە کۆکەنەوە هەر لە پێناو شەهوەت خەرجی دەکەن، تەنانەت پایەدارترین مەنصەبیش وەرگرن هەر لە پێناو شەهوەتدا بەکار دەهێنن و گشت دەستمایەکانی بۆ دەبەخشن».

# پیلانەکانی تێکدانی ئیسلام

## ١- گومان خستنە ناو دڵی موسڵمانان بەرامبەر ئاینەکەیان

تا ئێستاش دوژمنانی ئیسلام دەیانەوێ گومان بخەنە دڵی موسلمانان بەرامبەر دینەکەیان لە قسەکانیان: قورئان کتێبێکی ئاسمانی نی‌یە بەڵکو دانراوی موحەممەدە و پڕە لە درۆ و وەلەسەر ئەفسانە هەروەها ئەو قسوەهەڵبەستراوانەشیان بەرامبەر پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەهێنە سەر هەمان شت کە دەڵێن کە تاوانباری دەکەن کە دەڵێن گوایە نەخۆشی فێی هەبووە،

هەروەها گاڵتە کردنیان بە (حەد)ی ئیسلامی‌یەکان بە تایبەتیش (رەجم وبڕینی دەستی دز). لەوانەش مەلیك فیصل بن عبدالعزیز بۆ کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی جیهانی بانگکرا تا وەلامی گەورەنوسەرو بیرتیژان بداتەوە کەزۆری جولەکەش تێدا بوو جا یەکێ بە ئەنقەست گوتی مگوێمان لێ بوو ئەی خاوەن شکۆ گوایا ئێوە دەستی دز دەبڕن و زینا کەریش رەجم دەکەن وەك جۆرە سزایەك ئەمەش سزایەکی بەربەری‌و وەحشی‌یە زیاری سەدەی بیستەم ئەمە رەتز دەکاتەوە، مەلیکیش کەمێ داماو سەیرێکی جولەکەی کرد بە هێمنی پێی گوت: حەز دەکەم ئەمەت پێ رابگەیەنم کەوا جێبەجێ کردنی ئەم سزایە ساڵی بار تەنها دوو جار رووی‌داوە بە پاننایی مەملەکەتی عەرەبی سعودی.. وەهگ وریشەی دزایەتی نەمایا ئەوەتە نامێنێ.. بەلام

تۆ پێم بڵێ ئایا بەم یاسا دەستکردانەتان توانیوتانە دەست بەسەر دزی دابگرن، یا زیاتر هانی خەڵکی داوە تا زیاتر لێی شارەزابن؟ ئیمرۆ لە رۆژنامەکانتان سەدان روو داوم خوێندەوە لە بارەی دزی کە زۆری بە توندو تیژی بووەو ساتێ نزیکەی هەزاران کەس دەبنە قوربانی ئەم کارانە..

ئایا ئەم یاسایە چاکترە یا یاساکەی ئێوە هەرچی سزای رەجم کردنە دەوا ئیسلام. ئایا ئەمە چاکترە یا کۆمەڵگایەکەی ئێوە کە پڕە لەبەد ئەخلاقی و بەد رەوشتی کە شەرم دەکەم باسی بکەم، جا جولەکەکە سەری موافەقەتی شۆرکردو هۆڵەکەشی بە دەنگی چەپڵە رێزان دەنگی دایەوە.

## ٢ - هاندانی بزووتنەوەو مەزهەبە دژە ئیسلامییەکان:

موسڵمانان لەم چەرخە نوێیەدا تووشی چەندەها مەزهەبی سەیر هاتوون بانگی موسڵمانان دەکا بۆ دوورکەوتنەوە لە ئیسلام وەک عەلمانیەت کە بانگەشەی جوداکردنەوەی ئایین و ژیان دەکات. و وەک و جودیەت کە بانگەشەی بێ بڕوایی و بەئیبارەیی - بەربەرەڵلایی - دەکا کە دەڵێن «خوا [illegible] هەر ئەفسانەیە بەڵکو ئەفسانەیەکی زیانبەخشیشە».

هەروەک نەتەوەیی ئەلامی کە بانگەشەی یەکبونی عەرەب دەکا دوور لە ئیسلام هەروەها ئیشتراکیات و شیوعیەت کەوا بانگەشەی بێبڕوایی دەکەن و لەسەر بنچینەی (لا اله) هیچ خوایەك نییە و ژیان مادمیە. جا لە وولاتانی عەرەبی زۆر حزب هەن ئەم دروشمانە بەرز دەکەنەوە هەروەک

حزبە ئیشتراکیەکان و بەعسی و قەومی و شیوعی کە ئەم حزبانە چەندەها ئەوەیان لەرێ لاداوەو هەڵیان فریواندووین و لە ئیسلام دوریان خستوونەتەوە.

## ۳ - بڵاوکردنەوەی فەسادو بەدرەوشتی:

یەکێ لە دوژمنــانی ئیسلام دەڵێ «ئەوەی پێکێك و ئافرەتێکی داوێن پیس بە ئوممەتی موحەممەد دەیکەن، سەد تۆپ هاوێژ ناتوانن بیکەن، هەر لە ژێر ئەم گوتەیە ئەوا دوژمنان هەوڵدەدەن کەوا فەسادی بەدرەوشتی لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامی پەرەپێ بدەن بۆ ئاسان کردنی کارەکەیان چونکە ئەوان دەیزانن پیاوی ناتەواوو فاسد ناتوانێ لە مەیداندا بە دەنگاریان ببەیتەوە ولەو هەوڵە فەسادانەیان:

## جنس و داوێن پیسی:

پیلانێکی رێك و پێك هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی جنس و داوێن پیسی لە نێو کۆمەڵگا ئیسلامیەکان جا چ راستەو خۆ بێ یان ناراستەوخۆ لە رێگەی مەلهـاو تیـاترۆخانە و تیپە راقصە جیەکان و هاندانی خەڵکی بۆ ئەو وڵاتانەی کە بە پیسی و خراپی ناو بانگیان دەرکردووە و رێگە بە رووتی دەدەن لەسەر کەنارو رووبارەکان.

هەنــدێ عەرەب کەلە کەناری رۆژئاوا لە فەلەستین هاتونە باسی ئەوە دەکەن کەوا دەسەڵاتدارانی جولەکە بانگی عەرەبەکان دەدەن بۆ ئەوەی

تێکەڵی ئافرەتی جولەکەیان ببن بە تایبەتیش لەسەر کەناری دەریاو و ئافرەتە جولەکەکان بانگی گەنجە عەرەبەکان دەکەن بۆ ئەوەی زینایان لە گەڵ بکەن، لە ئەنجامی ئەوەش ڕێژەی تاوانە ڕەوشتیەکان لە تەعەددا کردن و ونێر بازی زیادەی کردووە.. جگە لەوەش پیلانێکی تر هەن بۆ بڵاوکردنەوەی نەخۆشیە جینسیەکان لە نێو لاوانی موسڵمان، وە لە ساڵی ۱۹۹۰م لە میسر کابرایەکی ڕۆژئاوایی بەدەست گیرا کاری خراپی لە گەڵ هەندێ لە منداڵانی میسری دەکرد و دواییش دەرکەوت کابرا نەخۆشی ئایدزی هەیە. هەروەها ڕاپۆرتە ڕۆژنامەییەکان ڕایانگەیاند کەوا پیلانێکی تری جولەکان هەیە بۆ ئەوەی هەندێ لە داریێن پیسە جولەکەکان بۆ میسر بنێردرێت بۆ بڵاوکرنەوەی نەخۆشی ئایدز ئەوەش بەهۆی بەزینا کردن لە گەڵ گەنجان.

# خواردنەوەی سەرخۆشکەرەکان و ماددە سڕکەرەکان:

ئەوەش بەپیلانێکی تری جولەکەی جیهانی دادەنرێ بۆ بڵاوپێدانی مخدرات لە میسر و وڵاتانی عەرەبی بۆ تێکدانی گەنجەکان و ڕوخاندنیان هەندێ لە تۆڕی ڕفاندنی مخدراتیش گیراوەو دەرکەوتووە جولەکە لە پشتی ئەم پیلانەن.

# وێژەی بەڕەڵڵا:

زۆر لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان تووشی کۆمەڵێکی یەکجار زۆری کتێب و چیرۆکی جینسی بوونە کە هۆیەکانی فەسادی بە شێوەیەکی تایبەتی لای

گەنجەکان دەکاو ئەوەی زیاتر مرۆڤ دەترسێ لێ دەکرێ ئەو چیرۆکە بێ ناوەرۆکانەن کە کراوەنەتە فلیم و گەنج و ڕۆڵەی نەوەکان لە ڕێ لادەدا و بەرەو ترسنۆکی و بەرەڵایی دەیانبات.

## ٤ - ناشیرین کردنی وێنەی زانایانمان:

هەندێ لە ڕاگەیاندنی عەرەبی بە ئانقەست دەیانەوێ وێنەی زانایانی ئیسلام ناشیرین بکەن ئەمەش بە نیشاندانی مەلایەك کە ناتەواوە یەیا پیاوێکی خراپە یەیا داوێن پیسە ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵکی لە ئایین دووربکەونەوە. هەروەها وێنەیەکی ناشیرین بێ بۆ موسلمانە موڵەزیمەکان و هەروەها گاڵتە پێ کردنی زانایان بە وێنە کاریکاتێریەکان.

## ٥- هێرشکردن بە هۆی پەخشی ڕاستەوخۆ:

وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ژمارەیەکی زۆر مانگی دەستکردیان هەیە جا هەندێکیان بە کاری دەهێنن بۆ پەخشکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی بەرەو وڵاتە ئیسلامییەکان، جا ئەو وڵاتانەی کەوتونەتە باکوری ئەفریقیا ئەوا تەلەفزیۆنەکانیان ئەم پەخشانە وەردەگرێ لە بەرنامەو فیلمی جنسی کە منداڵ و گەنج و پیاو و ژن تەماشای دەکەن و، هەروەها هەندێ بەرنامەی تریش پەخش دەکرێ کە بە باڵای شارستانیەتی ڕۆژئاوا هەڵدەڵێ و بە خراپە باسی ئیسلام و ژیارەکەی دەکا.

## ٦ - جاسووس و سیخوڕ و بەکرێ گیراوەکانیان:

دەزگای ئاسایش و مخابراتی ڕۆژئاوا بەردەوام هەوڵ دەدا جاسوس و بەکرێ گیراوان دروست بکا لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان بە

تایبـــەتیش دەزگـــای موخـابەراتی جولەکـە (مـۆسـاد) کە هەوڵدەدەن نهێنییەکانمان بۆ ئەو وڵاتانە رەوانە بکەن. هەروەها رۆڵێکی تریش دەبینن ئەویش فەساد کردن و بەد رەوشت کردنی گەنج و لاوەکانمان بە هۆی خانەی داوێن پیسی و بەرەڵایی و ناتەواوی ـ شذوذ ـ هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد کە تۆڕێکی داوێن پیسی جولەکە لە میسر کە موساد بەرێوەی دەبـا چەنـدان ئافـرەتی داوێن پیس کاری تیـادا دەکەن بە مەبەستی هەڵفریواندنی گەنجی میسری بۆ ئەوەی زینایان لە گەڵ بکەن ئەمەش ئایـدز و نـەخـۆشیەکانی تری جینسی بڵاوببنەوە لە نێو گەنجە میسریەکان . هەروەها ئەو سیخورەی ئیسرائیل (ایلی کوهین) کە لە ساڵی ١٩٦٥ لە سوریا گیراو هەر لەوێش ئیعدام کرا کە دەرکەوت شوقەکەی بەکار دەهێنا بۆ کاری خراپ و زینا و شەوە سورەکان کە تیایدا ناموس و شەرەفی خەڵکی دەفرۆشت و سەرپێچی خوای تیادا دەکرا.

# پرسیارێکی گرنگ:

برایان: ئێوە دەزانن کەوا دوژمنانمان پیلانمان بۆ دەگێرن و پاشانیش جێبەجێی دەکەن بەڵام پرسیارێکی گرنگ هەیە لێرەدا ئایا ئێمە چیمان کردووەو چیمان ئامادەکردووە؟ ئایا قسەی زیادو گریان لە بەردەم نەتەوە یەککرتوەکانمان ئامادەکردوە.

ئەی رۆڵەکانی ئیسلام هەریەکە لەلای خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم ئایینەو لەسـەر هەمـوو لایەکمان پێویستە کار بۆ ئیسلام بکەین، ئەو قسەیەی یەکێ لە بیر تیژانی موسڵمانم زۆر لا رێك و پێك و جوان بوو کە گوتی: «جیهـانی ئیسـلامی ئیمـرۆ وا دەسـوڕێ چالە سەر هەریەکمان

پێویسته لەلای خۆی ئاگرەکە بکوژێنێتەوە.، شاعیریش چەند جوان دەڵێ

واته: هۆگەلەکەم خەبات و جیهاد بۆتە ئەرك، جاواز لەهاوارو ئەولا بێنە، واز لە پاڵدانەوە بێنە، ئەوەی پاڵکەوێ وبشوبیدا سەرکەوتو نی‌یەو بەزیوە، ئێستاش گریان و رۆ رۆ ج دادێکمان نادا هەتا گەرهیفانیش بێ، کوفر کۆبونەتەوە جا چیتان داوە لە یەکتری و دوژمنکاری. کوانی هەزار ملیۆن موسڵمان گەر زامێ هاوار بکا، گەر ملیار ملیۆن صحاح بێن قەت پاڵەوان دروست ناکا تەنها لە مزگەوت نەبێ، گەلێ بێ باوەرعەقیدە وەك کاغەزێکە با یاری پێ دەکا، جا ئەوەی خیانەت لەگەڵ (حي علیٰ الصلاة) بکا ئەوا خیانەت لەگەڵ (حي علیٰ الکفاح)یش دەکا.

خۆ گەر گەلەکەمان بیەوێت لەسەر رێی راست بڕوا ئەوا پێویسته چوار کار جێبەجێ بکەین:

١ـ بەکار بردنی ئیسلام لە هەموو ژیاندا.

٢ـ پەروەردەکردنی نەوەکانمان بە پەروەردەی ئیسلامی.

٣ـ خۆ پڕچەك کردنی بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنان.

٤ـ خۆ فیداکاری و قوربانی..

دەمەوێ کە مێکیش لەم خاڵەدا بوەستم چونکە هەموو لایەکمان دەتوانین کەمێ کاتمان بەخت بکەین بۆ دەست کورت و لێقەوماوانی برا موسڵمانمان، بەداخەوەش دەڵێم کەوا دوژمنانمان زۆر لە ئێمە گەرمترن بۆ یارمەتیدان و بەخت کردنی کاتیان لە پێناو رێیە ناتەواوەکەیان، ئەوەش چیرۆکێکە پێویست بەلێ دوان ناکا.هێش ساڵی ١٩٦٧ لە فەرەنسا چەندان

خۆی پیشانداران کرا بۆ کۆکردنەوەی پارەو یارمەتی و بەخشین بۆ ئیسرائیل کەوا لەسەر لافیتەکان نوسیبویان (موسلمانان بکوژن) و بە هۆیەوە هەزار ملیۆن فەرەنکی فەرەنسی لەماوەی چوار رۆژ کۆکرایەوە. جا ئایا کەسیان لە خۆمان پرسیوە ئەوە و بێگومان ئێمەش لەسەر حەقین ئایا من چیم بۆ ئیسلام کردووە؟

# داهاتوو بۆ ئیسلامە

سەرەرای ئەو هەموو پیلان و فێلانەی کە بۆ ئیسلام و موسلمانان دادەنرێتەوە بە ئاشکراو بەپەنایی - تهێنی - من بێگومانم لەوەی کە دوارۆژ هەر بۆ ئیسلامە و رۆشنایییەکەی گشت جیهان دادەگرێتەوە بەپێی فەرمودەی خۆشەویست ﴿ﷺ﴾ کە دەفەرموێ «لیبلغن هذا الامر ما بلغ الليل والنهار ولايترك الله بيت مدد ولا بر الا ادخله الله هذا الدين بعز عزيز او بذل ذليل عزا يعز الله دين الاسلام وذ لايذل به الكفر»[1]

هەروەها لە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ یان پرسی: ئایا کامە شار پێشتر ئازاد دەکرێ قسطنطسينية يان رومية؟ فەرمووی: مدينة هرقل تفتح اولاً يعني القسطنطينيه[1] واتە: شاری هیرەقل واتە قسطنطينيه.

---

١- رواه احمد ٤/١٠٣ والحاكم وقال صحيح على شرط الشيخين ووافقه الذهبي ٤/٤٣٠.

---

١- رواه احمد والدارمي والحكم وصححه ووافقه الذهبي.

زۆر فەرمـوودەی تریش هەن کەوا نیشـــان دەدەن کە تیـا جەنگی جولەکەکان لە فەلەستین دەبێ و ئەو سوپایەی کە شەریشیان لەگەڵ دەکا موسڵمانن و دار وبەرد هاوار دەکەن و دەڵێن (هۆ موسڵمان هۆ بەندەی خوا ئەوە جولەکەیە لە پشتمە وەرە بیکوژە) لە هەندێ گێرانەوەشدا (ئێوە لە رۆژ هەڵاتی ئوردنن ئەوانیش لە رۆژئـاوای) چەنـدەهـا نیشـانەش سەری هەڵداوە کە هەمووی ئەوە رادەگەیەنن کەوا دوا رۆژ بۆ ئیسلامە:

١ـ رووخـانی شیـوعیـەت و بێ بەرهەمی ئەو رژێمانەی کە جێبەجێ دەکـەن ئەوەش چونکـە هەمـووی ئەو رژێمـانە لەگەڵ فیطرەتی مرۆڤ ناگونجێن ئەمەش نیشانەی کۆتایی هاتنی چەرخی بێ بڕواییە.

٢ـ دەرکەوتنی دیاردەی رابوونی ئیسلامی و گەرانەوەی خەڵکی بۆ ئایین بە تایبـەتیش گەنجـەکـان، ئەمەش وایکردووە کە سەرلەنوێ دووبارە دیار بکەوێتەوە کە عەلمانی و بانگهێزانی بێ بڕوایی بێ فەلس بوینە، و دووبارە گەرانەوەی چەندەها هونەرمەند کە دانیان بەوە ناوەکەوا هەڵخەڵەتێندرابوون و گومرا کرابوون.

٣ـ کەوتنی دروشمـە قەومی و نەتـەوەیی و عەلمانیەکان و ئاشکرابوونی رووی درۆیان و رووی ئەو حزبانە لەلایەن خەڵکی، کە چ ناخۆشی و دەردو دەردەسەریەکیان بەسەر خەڵکیدا هێناوە.

٤ـ سەرهـەڵدانی بزوتنـەوە جیهادیەکان لە ئەفغانستان و فەلەستین و کشمیرو ئەریتریاو چەندەها جێی تریش کە چەندەها سەرکەوتنیان بەد

دەستێ هێناوەو بە هۆیەوەش سەری موسلمانیان بەرزکردەوەو جیهانیش هێزو عیزەتی موسلمانیان بۆ دەرکەوت.

یا أمتي صبرا فلسيلك كاد يسفر عن صباح
لابــد للكابـــوس ان ينزاح عنا او يزاح
والليل ان تشتد ظلمته نقـول: الفجــر لاح
والفجـران يبـزغ فـلا نوم وحي على الفلاح

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی هەرێمی کوردستان( ٣٨ )١٩٩٤

ژمارەی چاپ ( ١٠٠٠ )